# هونەرمەند عەدنان کەریم و ڕەسەنایەتیی گۆرانیی کوردیمان

نووسینی: وریا ئەحمەد

گۆرانیبێژ (عەدنان کەریم) ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی گۆرانیی کوردیدا هونەرمەندێکی ناودار و ناوێکی درەوشاوەیە وجەماوەرێکی زۆریشی هەیە. ئایا گەیشتنی عەدنان کەریم بەم پلە وپایەیە لە هونەردا، تەنیا بە هۆی دەنگەخۆش و بە توانایەکەی بووە؟ چونکە گۆرانیبێژی دیکەمان هەن،رەنگە وەک دەنگخۆشی لە ئاستی ئەودابن، یان لەویش دەنگخۆشتر بن! بەڵام بۆ نەیانتوانیوە، چ وەک گۆرانیبێژ چ وەک هونەرمەند ئەو ناوەی ئەو دەرکەن و وەک ئەو خۆشەویستی و سەرنجی هەوادارانی ئەم هونەرە و هونەردۆستانیش بۆلای خۆیان رابکێشن! دەنگی عەدنان کەریم لە دەنگی تایەر تۆفیق وسالح دیلان وناسری رەزازی وئەوانەوە نزیکە و بەڕای من بەوان دەچێت. مەبەستم هەمان ستایل وشێوازی دەنگە، ئەم شێوە دەنگانە بەڕای من: جۆرە دەنگێکن لە تواناياندایە زۆر بەرز ببنەوە، لە هەمان کاتدا دەنگی گڕ واتە (باس)یشیان هەیە،رووبەری دەنگیان زۆر فراوانە،رەنگە بێ گیروگرفت لە هەندێ ئاهەنگدا بەبێ (مایک)یش بتوانن گۆرانی بڵێن، بەڵام هەر بەڕای من ئەو ناسکی وشیرینی و سۆزەی کە لە هەندێ شێوە دەنگی دیکەدا هەن و وەک ئەفسوون ختووکەی گیانمان دەدەن، لەمجۆرە دەنگانەدا ئەمە هەیە بەڵام کەمە و لە هەمان کاتدا ئەم جۆرە دەنگانە لە تواناشیاندا نییە، هەموو شێوە گوتنێک و ستایلێک بڵێن! بۆ نموونە: دەنگی گۆرانیبێژی ناودار (مەزهەری خالقی)راستە توانای سەرکەوتنی زۆری هەیە، بەڵام دەنگێکی تەڕ و ناسک وشیرین و بە چێژە، لە چین و تۆنە هەرە بەرزەکانیشدا لە توانایدایە هەستی گوێگر بزوێنێت، چونکە لەو چینە بەرزانەشدا دەنگەکەی هێشتا کۆنترۆڵی لە دەستخۆیدایە و لە توانایدایە لەو چینە بەرزانەشدا شیرینی ببارێنێ وچۆنی بوێت ئاوا دەنگی خۆی بلەرێنێتەوە! مەبەستم ئەمجۆرە دەنگانەی لە شێوەی دەنگی هونەرمەند مەزهەری خالقین لە دەنگی ئەوانی زووتر جیان وهەر شێوەیەکیان خاوەنی پێناسە وشێواز و شەقڵی تایبەتی خۆیانن!



بۆیە بەڕای من عەدنان کەریم جگە لە دەنگەخۆش و بەتواناکەی کە وەک گوتمان، خاوەنی رووبەرێکی فراوانە، هەندێ خاڵی دی هەن، کە لە تەک دەنگەکەیدا بە هۆیانەوە توانیویەتی ئەو پلە وپایەیە لە هونەری گۆرانیگوتندا بۆخۆی مسۆگەر بکات:

١) هەستێکی نیشتمانپەروەری قووڵ: بوونی ئەو هەستە لای عەدنان وایکردووە، لە سەرەتاوە شوێن پێی ئەو هونەرمەندانە هەڵگرێت، کە پێش ئەو هەمان هەستی قووڵی نیشتمانپەروەرییان هەبووە، بۆ نموونە: هونەرمەندی گەل (تایەر تۆفیق) و دەنگخۆشی مەقامخوان (سالح دیلان) و ئوستادی مەقامەکان (عەلی مەردان) و هی تریش. مەبەستم ئەوەیە ئەم هەستە نیشتمانپەروەرییە قووڵە لای عەدنان وایکردووە، وەک ئەو گۆرانیبێژە نەمرانەی ناومان بردن، پێشوەخت بزانێت چ جۆرە هۆنراوەیەک بۆ گۆرانیی خۆی هەڵدەبژێرێت و چ جۆرە بەرهەمێکی ئەو نەمرانە دووبارە بکاتەوە باشە! هەندێجار گۆرانییەکی یەکێک لەو هونەرمەندانەی سەرەوەی هێناوە و بە شێوازێکی نوێ دووبارەی کردۆتەوە، ئەمە بێ ئەوەی رۆڵی گۆرانیبێژی یەکەمجاری ونبکردبێت، یاخود پشتگوێی خستبێت، بۆ نموونە شێوە گوتنی ناوچەی کۆیە: (چەهچەهەی بولبول)، کە زووتر بە دەنگی هونەرمەندی گەل (تایەر تۆفیق) تۆمارکراوە، عەدنان وەک گوتم: بە ئاوازی رەزمدار و موزیک و شێوازێکی تر و بە دەنگی خۆی دووبارەی کردۆتەوە! هاتووە بەر لە کۆتایی ئەو گۆرانییە تۆزێ لە گوتنەکەی تایەر تۆفیقی وەک خۆی داناوەتەوە.

لاوکی ((کنێ))ی دووبارە کردۆتەوە ولەرووی تۆمارکردنیشەوە هەولێداوە تۆمارکردنەکە لە جۆری تۆمارکردنی قەوانەکانی ((کاویس ئاغا))وە نزیک بێت.

لە گۆرانیی ((نەورۆزە))دا موزیکی گۆرانییەکە لەرووی بەکارهێنانی ئامێری موزیکەوە، زیرەکانە ((باڵەبان)) و((جومبوش)) و((زەرب))ی بەکارهێناوە، یەکەمجار گوێگری ئەو بەرهەمە وادەزانی ئەمە یەکێک لە گۆرانییەکانی کوردەکانی ناوچەی ((یەریڤان)ە! لە زۆر بەرهەمدا ئامێرەکانی موزیکی کوردی وەک (( شمشاڵی ئاسن)) و((باڵەبان)) و((دەف))ی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی بەرهەمەکانی تام وبۆی کوردییان بەسەردا زاڵ بێت! وەک نموونە:

((زەمانی فیرقەتی یارانە ئەمشەو))ی کە بە شێوازی ((ساڵح دیلان)) گوتراوە.رەزمی گۆرانییەکانی عەدنان زیرەکانە زۆرتررەزمی رەسەنی کوردی وەک: دەروێشی واتە ((٦ـ٤)) و گوڵشێنی واتە ((١٠ ـ ١٦)) و دەهۆڵی واتە ((٢ ـ٤))ێکی خێرا وهی تریشی بەکارهێناون.

لە گۆرانی ((نارینێ نارینا من)) دیسان زیرەکانە ئامێرەکانی وەک: زوڕنا وجومبوش ودەف ولە گۆرانی ((دەسماڵی))ێشدا ئامێرەکانی: سەنتوور و دەهۆڵی بەکارهێناوە.

لە گۆرانی یاخود سروودی ((کۆچی کوردان)) هەستی نیشتمانپەروەری خۆی دەربڕیوە و بەشداری خەم ومەینەتی میللەتی خۆی کردووە. هەرچەندە من لە موزیکی ئەو بەرهەمەرازی نیم، چونکە زۆربەی گۆرانییەکانی ئەو بەرهەمە بە یارمەتی ((کیبۆرد))ێکی ئاست نزمەوە تۆمارکراون!

دانانی هەندێ پارچەی مەقام وگۆرانی رەسەن وساف کوردی وەک: ئەوەل سەحەرەی مامە سێوە لە گۆرانی ((هەرچی دەکەم ناتوانم)) و لە گۆرانییەکی تر مەقامی ((ئارێ گوری))ی دیسان مامە سێوە کە بەدوایدا گۆرانی ((نەزەر ناکەی)) گوتووە.

لە زیاد لە گۆرانییەکدا تامی گوتنی نەمرانی بۆ نموونە وەک: ساڵح دیلان وماملێ وهی تری رەسەنی بە هۆنراوەی تر دووبارە کردۆتەوە.

گۆرانی هەیە فۆلکلۆری ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی گەورەن و زیرەکانە هەڵیبژاردوون بۆ نموونە: گۆرانی ((هەی نارێ نارێ بەفر وباران دەبارێ)) و گۆرانی ((نەکی نەکی)) لەمەڕ ((محەمەد عارفێ جزیری)) و گۆرانی ((دیاربەکر مالا من)) کە یەکەمجار بە دەنگی ((بەیتوجان)) بیستوومانە، کە هەر سێ ئاواز فۆلکلۆری کوردانی باکووری کوردستانە.

گۆرانی ((دوچرەی دەوران)) کە فۆلکلۆری کوردانی ((لووڕ))ە.

لە شوێنێکی دی لە سەرەتای گۆرانییەکدا ئەمان ئەمانێکی بە مەقامی ((دەشت)) گوتووە، کە کاتی خۆی ((ڕەشۆڵ)) گوتوویەتی.

ئەمە جگە لەوەی زیاد لە جارێک و شوێنێک شێوە مەقام وگوتنی هونەرمەندانی نەمری وەک: ساڵح دیلان وعەلی مەردان و تایەر تۆفیق ومامڵێ و رەشۆڵ و محەمەد عارفێ جزیری و زۆری دیکەی دووبارە کردوونەتەوە وگەلێجار بە هۆنراوەی دیکە دووبارەی کردوونەتەوە. بەڕای من عەدنان: بەمکارەی وەک دەڵێن: بە بەردێک نەک دوونیشان بگرە زیاتری پێکاوە!

* چونکە بەمکارەی یەکەمجار پێمان دەڵێت: فلانە مەقامخوان یا گۆرانیبێژم خۆشدەوێت! ئەمەش دیارە بەهۆی بوونی هەستی نیشتمانپەروەری و دەنگخۆشی ومەقامزانی ئەو نەمرانەوەیە. عەدنان بەمکارەی توانیویەتی هەستی کەسانی نیشتمانپەروەر و هەوادارانی دەنگی ئەو نەمرانە و مەقامەکانیش کە ئەوان گوتوویانە بۆلای خۆی راکێشێت.

* دووەمجار پێمان دەڵێت: من لە توانامدایە شێوە گوتنەکانی گۆرانیبێژانی وەک تایەر تۆفیق و ئەوانی لە شێوەی دەنگی ئەویشن با زەحمەتیش بن، بە جوانی دووبارەیان بکەمەوە. کەواتە ئەو هونەرمەندە بێ ئەوەی قسە بکات، پێمان دەڵێت: من دەنگێکی بە توانام هەیە، چونکە گوتنی کەڵە هونەرمەندانێکی وەک تایەر تۆفیق وعەلی مەردان وساڵح دیلان ومامڵێ ورەشۆڵ وهی تریشم بە جوانی دووبارە تۆمارکردۆتەوە!

* سێیەمجار پێمان دەڵێت کە: زۆربەی ئەو شێوە گوتنانەرەسەنن و هۆنراوەی شێوە گوتنەکانی تایەر تۆفیق و ساڵح دیلان وئەوانی دی بەشی هەرە زۆریان بۆ ئاودانی رۆحی کوردایەتی و گیانی نیشتمانپەروەری گوتراون. بۆیە من دەمەوێت پارێزگارییان بکەم و بە هەوادارانی دەنگی خۆم واتە بە گوێی نەوەی نوێ ئاشنایان بکەم، تا بەم شێوەیە ئەم شێوە گوتنەرەسەنانە لە بیرنەچنەوە لەلایەک و لەلایەکی دی گیانی نیشتمانپەروەری لای گوێگرانی دەنگی خۆم واتە لاوانی ئەمڕۆ بچێنم وئاوبدەم و گەشە پێبدەم!

٢) زیرەکیی عەدنان: بەوەی وەک هونەرمەندانی پێشکەوتووی دیکەی دنیا، دەیەوێ بەرهەمی بە پێز و نوێ بێنێتە کایەوە، بە مەرجێک تیایاندا هەندێ خاڵ رەچاوبکرێت؟ بۆ نموونە: دەچێ بەرهەمی خۆی لەگەڵ تیپی (کامکاران) تۆماردەکات، بۆ ئەوەی تەکنیکی نوێ لە ژەنینی ئامێرەکانی موزیک بۆ بەرهەمەکانی خۆی دەستەبەر بکات، کە لە ژەنینی ئەو گرووپەدا زۆر بە ئاشکرا دیارە، کە ئەمەش لەرێگەی خوێندنی ئەکادیمی و پرۆڤەی بەردەوام هاتۆتە کایەوە، بۆ ئەوەی لە بەرهەمەکانیدارەنگدانەوەیان ببێت! لە لایەکی دیکەوە سوودی لە فۆلکلۆری لە بن نەهاتووی هونەری باوک و باپیرانەوە وەرگرتووە، مەبەستم هاتووە هونەری رەسەنی کوردی کردووە بە بناغە و لەسەر ئەم بناغەرەسەن و خۆماڵییە چەسپاوەوە، هەوڵی زیادکردنی خشتی نوێی داوە، ئەمەش بۆ ئەوەی بەرهەمە نوێکانی لە لایەک رەسەنایەتی و لەلایەکی دی تام و بۆ و مۆرکی کوردییان بە ئاشکرا پێوە دیار بێت وبناسرێنەوە.

